گۆبین

# ئەو کاتانەی پێویستمان بە سەرۆکێکی پێشمەرگەیە

فەرهاد محەمەد



بڕواو متمانەی سەرۆکی کوردستان بە ئیرادەی لەبن نەهاتووی میللەتەکەی، ئەو ڕاستگۆیی و باوەڕەیە کە هەموو جیهانی سەرسام کردووە، ئەمە جاری یەکەم نییە سەرۆک بارزانی لە ڕۆژە سەختەکاندا و بۆ یەکلاکردنەوەی کێشە ئاڵۆزەکان وەک پێشمەرگە دێتە مەیدان و، بە زمانێکی سادە و واقعیانە ڕووبەڕووی تەحەدییەکان دەبێتەوە.

سەرۆک بارزانی لەسەروبەندی پرۆسەی ئازادکردنی عێراقدا، ڕاشکاوانە بە هەموو جیهانی ڕاگەیان، دەبێ تورکیا بەسەر لاشەی پێشمەرگەدا کوردستان داگیر بکات، بەڵام ئەوەبوو هاوکێشەکان بە جۆرێک گۆڕان، کورد بووە هاوپەیمانی ئەمەریکا و ئەو بەرەیەی کە بە پشتیوانی تورکیا بەنیازبوون بیکەنەوە، بووە بەرەی کوردستان و هەر لە کوردستانیشەوە سەرپەرشتی کراو سەرکەوتنی گەورەش هەر لەم بەرەیەوە بەدەست هات.

لە سەرەتای مانگی مارتی«٢٠٠٣» و لەگەڵ نزیکبوونەوەی وادەی شەڕی عێراق، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا، لە سەرۆکیان پرسی ڕۆژانی «١٨ و ٢٠٠٣/٣/١٩» لە کوێ دەبن لە وەڵامدا سەرۆک گوتی: هەر لێرە« مەبەستی هاوینە هەواری پیرمام بوو»

سەرۆک نەک هەر بەڵێنی خۆی هێنایەدی، ئەوەبوو لە ڕۆژی «٢٠٠٣/٣/٢٠» کە تەنیا چەند کاتژمێرێک بوو شەڕی عێراق دەستی پێکردبوو، بە ئامادەبوونی سەرۆک مەشخەڵی ئاگری نەورۆزی ئازادی لە قەڵای پیرە هەولێر کرایەوە.

لەم بارودۆخەشدا کە هەموو کێشەکان هەڵواسراون و مەزندە و مەزندەکاری بۆ ئاینده لە ئارادایە و، زمانی هەڕەشە و گوڕەشەش دژی هەرێمی کوردستان لە هەموو کات زیاترە و، باس لە دواخستنی ریفراندۆمی کەرکوک دەکەن، سەرۆک بەڕاشکاوی بە هەموو جیهان دەڵێت«ئەگەر تورکیا ڕێگە بەخۆی بدات دەست لە کاروباری کەرکوک وەربدات ئەوا ئێمەش ڕێگە بەخۆمان دەدەین دەست لە دیاربەکر وەربدەین».

سەرۆک زمانی هەڕەشە بەکار ناهێنێ و خوازیاری شەڕو ناکۆکیش نییە، بەڵام مافی بەرگری لەخۆکردن بە مافێکی شەرعی دەزانێت و ڕاشکاوانە دەڵێت مردن هەڵدەبژێرین وکڕنووش بۆ کەس نابەین.

لایەنێکی دیکەی لێدوانەکان، بڕوابوونی سەرۆکە بەلاوانی کوردستان، کە هەردەم لە پێناوی بەرگریکردن لە کوردستان سڵیان نەکردۆتەوە و قوربانییان داوە، بۆیە پێویستە لاوانی کوردستانیش لە ئاستی ئەو متمانەی سەرۆکی کوردستاندا بن، نەک هەر بۆ ڕۆژی تەنگانە و شەڕ، بەڵکو لە بونیادنانەوەی کوردستان و قەڵاچۆکردنی گەندەڵییشدا دەبێ جێگەی هەمان بڕواو متمانەبن.

سادەیی ولێدوانە لەسەر خۆکانی سەرۆک، هەمووکات وێنەی ئەو پێشمەرگە جل خاکییەمان دێنێتە بەرچاو کە هەموو کات سیمای ئازادی لە چاوەکانیدا دەخوێنرێتەوە، بێگومان بارزانیش پێشمەرگایەتی لە سەرۆکایەتی لا بالاترە، بۆیە هەمووکات وەک پێشمەرگە هیوا و بڕوامان بە ئاینده دەبوژێنێتەوە.